# کورد، پەنابەر و کەمتوانا؛ چەوسانەوەیەکی چەندلایەنە

فەرهاد جەهان میهەن

"ئەو مێتۆدەی کارم لەسەر کردووە، گێڕانەوەیە، واتە باسکردن بە شێوەی بیرەوەریی ژیانی خۆیان هەم لە کوردستان، هەم لە دەرەوە، کێشەی ئەو بنەماڵانە، ئەو گەنجانە، هەروەها ئەو پێشمەرگە کەمتوانایە لە سوید. مێتۆدی بیرەوەری لەناو کۆمەڵناسەکان لە ئامریکادا بەکار دەهێندرا، بەڵام دوایی ئەو مێتۆدە وەلا نرا، بەڵام لە شێستەکاندا "مێتۆدی بیرەوەری" لەلایەن فێمێنیستەکانەوە دیسان پەرەی پێ درا و وەکو مێتۆدی چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵک و کۆکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە کەسی لێکۆڵەر دەیویست بەدەستی بێنێت بۆ ئەوەی لە دواییدا بە شێوەی ئاکادێمی، شیکاریی ئەو بابەتە بکات، کە بە مێتۆدی بیرەوەری بەدەستی هیناوە."

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم باســـی کێشەی ئەو بنەماڵـــە کوردانە بکـــەم، کە منالّی کەمتوانایـــان هەیە، یـــان خۆیان وەکو گەنـــج کەمتوانان یان ئەوەتـــا لە کاتی پێشـــمەرگایەتیدا کەمتوانا بـــوون. ئەو کەسانە ســـالانێکی زۆرە وەکو پەنابەر لە ســـوید دەژین؛ ژیان و مـــاڵ و کاریان لـــەو وڵاتەیـــە، هەروەها هەمووشـــیان هاووڵاتیـــی ســـویدین. دەتوانین بڵێین کە ئەو پەنابەرە کوردانـــە و کەمتوانایانە کە ساڵانێکە لە ســـوید وەکو هاووڵاتیی ئـــەو وڵاتە دەژیـــن، بەڵام بە شـــێوازی جیـــاواز و چەندلایەنـــە لـــە کۆمەڵدا دەچەوسێنرێنەوە.

## پێشەکی

بەپێـــی ئامـــاری ســـوید لـــە ســـاڵی ٢٠٢٣ کـــە زیاتـــر لـــە ٢ میلیـــۆن پەنابـــەری هەبـــوو، کـــە لـــە دەرەوەی سـوید لەدایـک بـــوون. بەپێـــی ئـــەو ئامـــارە، "٢٠%"ی دانیشـــتووانی ســـوید پەنابـــەرن (www.scb.se)

بـە گوێرەی هەندێـک ئامار، لەنێـوان ١٥٠ بـۆ ٢٠٠ هـەزار لـەم پەنابەرانـە کـە لـە سـویددا دەژیـن، کەمتوانـان. هەرچەنـدە مـن پێـم وایـە، کـە زیاتر لـە ٢٠٠ هـەزار کـەس دەبـن. بـو نموونـە ئـەو کەسـانەی کـە لـە وڵاتانـی جەنگەوە هاتوون و کێشـە زۆری دەروونییـان هەیـە، یـان لـە وڵاتانی خۆیـان ئەشـکەنجە و ئازاریـان چێشـتووە یـان بینیویانـە، دەبـوو هەموویـان وەکـوو کەمتوانـا هەژمـار کرابـان.

بەڵام لە سیستەمی سویدیدا و بەپێی یاسا نابێت ڕەگەزی هیچ مرۆڤێک لە لیستدا تۆمار بکرێت. هەر بۆیە ڕاستییەکەی زەحمەتە بزانین چەند لەسەدی پەنابەران کەمتوانان، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد هەر زۆر زەحمەتتر دەبێت بەهۆی ئەوەی کوردەکان لە سوید وەکو ئێرانی، عێراقی، سووری و تورکی تۆمار کراون، ئەوەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کورد وڵات (دەوڵەت)ی خۆی نییە. واتە ئەو کەسانە وەکو کەمتوانا لە سیستەمی سویددان و یارمەتییان وەرگرتووە و، بەپێی سیستەمی سوید وەکوو کەمتوانا تومار کراون، یان ڕەنگە هەندێ کەس کە هاتوونەتە سوید باسی کەمتواناییی خویان نەکردووە، بۆیە وەکو کەمتوانا حیساب ناکرێن. هەروەها زۆرینەیان کە کێشەی دەروونیان بۆ دروست بووە، بەهۆی جەنگ، کوشتار و ئەشکەنجەوە، لە سیستەمی کەمتوانایاندا بەداخەوە نابینرێن.

## مێتۆد

ئـەو مێتـۆدەی کارم لەسـەر کـردووە، گێڕانەوەیـە، واتـە باسـکردن بـە شـێوەی بیرەوەریـی ژیانـی خۆیـان هـەم لـە کوردسـتان، هـەم لـە دەرەوە، کێشـەی ئـەو بنەماڵانـە، ئـەو گەنجانـە، هەروەهـا ئـەو پێشـمەرگە کەمتوانایـە لـە سـوید. مێتـۆدی بیـرەوەری لەنـاو کومەڵناسـەکان لـە ئامریـکادا بـەکار دەهێنـدرا، بـەڵام دوایـی ئـەو مێتـۆدە وەلا نـرا، بـەڵام لـە شێسـتەکاندا "مێتـۆدی بیـرەوەری" لەلایـەن فێمێنیسـتەکانەوە دیسـان پـەرەی پـێ درا و وەکـو مێتـۆدی چاوپێکەوتـن لەگـەڵ خەڵـک و کۆکردنـەوەی ئـەو بابەتانـەی کـە کەسـی لێکۆڵـەر دەیویسـت بەدەسـتی بێنێـت بـۆ ئـەوەی لـە دواییـدا بـە شـێوەی ئاکادێمـی، شـیکاریی ئـەو بابەتـە بـکات، کـە بـە مێتـۆدی بیـرەوەری بەدەسـتی هێنـاوە.

Goodson, I.F., & Sikes, P. (2001)

من مێتـــۆدی بیرەوەریم بـــەکار هێناوە بۆ ئەوەی لەســـەر ژیانی ئـــەو پەنابەرە کـــورد و کەمتوانایانـــە بزانـــم کە چۆن

باسی ژیان و گرفتی خۆیان لە سویددا دەکەن وەکو کورد، پەنابەر و کەمتوانا بەواتایەکی تر ئەو پەنابەرە کوردانە باسی ئەزموونی ژیانی خۆیان کردووە. بە قەولی کۆمەڵناسی فەرەنسی پییەر بۆردیوو دەڵێت: "ڕاستی دەبێ لەلایەن ئەو کەسانەوە بگوترێت، کە ئەزموونیان هەیە."Bourdieu (1999) منیش هەوڵم داوە ئەزموونی ژیانی ئەو بنەماڵانە، ئەو گەنج و پێشمەرگە کەمتوانایانە بە شێوەی بیوگرافی بنووسمەوە. دوای گوێگرتن و نووسینەوەی هەموو چاوپێکەوتنەکان کە زۆربەیان زیاتر لە دوو کاتژمێر دەبوون، هەموویانم چەند جار خوێندنەوە و، لە خوێندنەوەی ئەو چاوپێکەوتنانەدا توانیم چەند "سووژە" (پرس) ببینمەوە، کە هاوبەش بوو لەنێوان ئەو بنەماڵانە، گەنجانە و پێشمەرگە کەمتواناکاندا.
(Jahanmahan 2007, Jahanmahan, Persson & Sheikmous 2021)

## دوو چەمکی تیۆری

لەم وتارەدا زۆر بە کورتی کەلکم لە دوو چەمکی تیۆری ئەویش چەمکی "ئینترسێکشۆنالیتی" (intersectional-ity) و زانستی "پەروەردەییی نێوان کەلتووری" (intercultural educa-tion) وەرگرتووە. ئینترسێکشۆنالیتی زیاتر وەکو کەرەسەی شیکاری بەکار دەهێندرێت. هەر بۆ وەبیرهێنانەوە، ئینترسێکشۆنالیتی لەناو لێکۆڵینەوەی فێمێنیستی و دژی ڕاسیستیدا گەشەی کرد. چەمکی ئینترسێکشۆنالیتی بۆ بەرەنگاریی ڕاسیزم و سێکسیزم گەشەی کردووە. ئینترسێکشۆنالیتی باسی ئەوە دەکات، کە چۆن "category" وەکو ڕەگەز، تەمەن، کەمتوانایی، هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ یەکتردا دەکەن و، بۆ بەهێزکردنی چەوساندنەوە و هەڵاواردنی کەسی یان گرووپی لە مرۆڤەکان.

ڕوانگەی ئینترسێکشۆنالیتی وەکو کەرەسەی شیکاری دەتوانێت چەوساندوە و هەڵاواردنی چەندلایەنە لێک بداتەوە بۆ نموونە، وەکو ژن، بەڵام ئەو ژنە لە چینی هەژار و ڕەگەزی ڕەش و گەنج، بەواتایەکی تر هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان ئەو کاتێگۆرییانەدا هەیە بۆ بەهێزبوونی هەڵاواردن و چەوساندنەوەی ژنان. لەناو هەر یەکێک لەم کاتێگۆرییانەدا شێوەی دەسەڵات لە نێو دەسەڵاتدا هەیە، کە هیچیان لە سەرەوەی هیچیان نین، بەڵام بۆ بەهێزکردنی هەڵاواردن و نایەکسانی بەیەکەوە هاوکاری و هەماهەنگی دەکەن .De los Reyes, P & Mulinari, D (2005).

لە وتارێکی تیۆریدا کە لەسەر "پەروەردەی نێوان کەلتووری" نوسیبووم، هەوڵم داوە، کە زانستی پەروەردەیی نێوان کەلتووری وەکو چەمکێکی تیۆری پێناسە بکەم. من لە وتارەکەمدا ئەم تیۆرەم وا پێناسە کردووە، کە پەروەردەی نێوان کەلتووری، ئەو پەروەردەیە نییە، کە تەنیا لە لێکنزیکبوونەوە و هەڵسوکەوتی نێوان کەلتوورەکاندا خوی ببینێتەوە، بەڵکو لە قۆناغی یەکەمدا ئەوەیە کە ئێمە چۆن لەگەڵ ئینسانەکان و خوێندکارەکاندا هەڵسوکەوت دەکەین، کە ئەزموونی جیاواز، ڕەگەزی جیاواز و زمانی جیاوازیان هەیە. یان ئایینی جیاواز و لە تەمەنی جیاوازدا، کە هەندێکیان ساخن و هەندێکیان کەمتوانان، هەندێکان پەلکەزێرینەبوون، واتە ئەو هەموو جیاوازییەی کە لەنێوان تاکەکاندا هەیە، چۆن دەتوانن لەم هەموو ئەزموونانە کەلک وەرگرین بەبێ ئەوەی هەڵاوارن لەنێوان تاکەکاندا دروست ببێت. لە هەڵسوکەوتدا دەبێت ئینسانێکی کراوە بین و مرۆڤێک کە ڕێز

بۆ جیاوازییەکاندا بنێت و بڕیاری پێشوەختە نەدات و زوویش بڕیار نەدات.
بە واتایەکی دیکە من پەروەردەی نێوان کەلتووری وەکو هاومرۆڤبوون دەبینم. هەروەها پەروەردەی نێوان کەلتووری بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانێتە مێژوو و کەلتوور بۆ گەشەپێدانی مرۆڤی. ڕەخنەگری وریا و زیرەک بۆ ئەوەی توانای ئەوەی هەبێت پێوەرەکانی کۆمەڵگە بباتە ژێر پرسیارەوە، هەروەها بۆ باسکردن و ناساندنی ئەو هەموو ئیمتیازەی کە گرووپێک هەیەتی بۆ نموونە: سپیسەروەری، کۆلۆنیالیزم، ڕاسیزم و سێکسیزم بە نیسبەت پەنابەر یان ژنی ڕەشپێست و کەمتوانا ..هتد. پەروەردەی نێوان کەلتووری ڕەخنە لە میژوو و ئیمتیازی سپیسەروەری دەگرێت. بەها بنەماییەکان بەشێکی گرینگی پەروەردەی نێوان کەلتوورین. بەها بنەماییەکان وەکو یەکسانیخوازی، دیموکرات، ژینگەپارێز، ڕەخنەگر، ئاشتیخواز و هاوخەباتیی نیشان دەدات لەگەڵ چەوساوەکان، زوڵملێکراوەکان و دژی زاڵمانە. (Jahanmahan 2012)

## هەڵاواردن لەلایەن ئیداراتی دەوڵەتییەوە

لە زۆرینەی چاوپێکەوتنەکاندا باسی هەڵاواردن لەلایەن ئیداراتی دوڵەتییەوە، کە کاروباری کەمتواناییان لەدەستدایە، دەکرێت. زۆربەی بنەماڵەکان، گەنجەکان و پێشمەرگە کەمتواناکان پێیان وایە، کە هەڵاواردن لەلایەن ئەو ئیدارانەوە بەهۆی پەنابەریی ئەو بنەماڵانەوە هەیە. بنەماڵەی ”دەلال“ کە لە باشووری کوردستانەوە هاتوون، دەڵێت:

”ئێمە زۆر بەباشی دەزانین کە تووشی هەڵاواردن دەبین تەنیا لەبەر ئەوەی ئێمە پەنابەرین. من زۆر دڵنیام ئەگەر ئێمە بنەماڵەیەکی سویدی باین، هەموو یارمەتی و کەرەسەیەکیان دەداینێ، بەڵام بەهۆی پەنابەری و هەڵاواردن ”دەلال“ی کەمتوانا، هیچ یارمەتییەک نەدراوە، چونکە کارمەندی ئیدارەکە دەزانێت، کە ئێمە هیچ دەربارەی یاساوڕیسای سوید نازانین، ئەویش بە مەیلی خۆی لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوت دەکات. زمانی سویدی گرینگە بیزانی، بەڵام لەویش گرینگتر یاساوڕیسای سویدە. گەلێک یاسا هەن کە ئێمە نازانین هەیە، هەروەها ناشتوانین لەسەر هەموو شتێک لەگەڵ کارمەندانی ئیدارە بیکەین بە شەڕ و هەڵڵا. چونکە ئەو کارمەندانە دەسەڵاتیان زۆرە؛ دەسەڵاتیان بەسەر ژیانی داهاتووی منداڵەکانمانەوە هەیە. ڕیسک زۆرە، ئەوان تووڕە بن و بڕیارێک بدەن، کارتێکەریی خراپی بۆ داهاتووی منداڵەکانمان دەبێت. ئێمە لە چەنگی دیکتاتۆر هەڵاتووین و داوای پەنابەریمان کردووە بۆ ئەوەی ژیانێکی شایستە بۆخۆمان و منداڵەکانمان دابین بکەین، بەڵام بیرۆکراتیی سوید و هەڵاواردنی سیستماتیک، خەریکە تێکمان دەشکێنێت.“
هەستی هەڵاواردن وا لەو بنەماڵانە دەکات، کە پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەو ئیداراتانە کۆتایی پێ بێنن و، هەوڵ دەدن خۆیان ئاگایان لە منداڵە کەمتواناکەیان بێت. بنەماڵەیەک کە لە چینی هەژار بوون بەهۆی هەژاری گەلێک کێشەیان لە سوید بۆ دروست ببوو. باوکی ”دەلال“ دەڵێت:
”باری ئابووریمان زۆر خراپ بوو، بەراستی لە باری دەروونییەوە حاڵمان زۆر خراپ بوو. پەیوەندیمان بە ئیدارەی سۆسیالەوە گرت بۆ ئەوەی یارمەتیی

داراییمان بدەن، بەڵام هیچ یارمەتییان نەدایەن، تەنانەت گوتیان "دەتوانن بچن لە کەنیسە داوای یارمەتی بکەن." پێیان وا بوو ئێمە سواڵکەرین. چەندان جار لەگەڵ کارمەندانی ئیداراتی سوید کۆ بووینەوە بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتیی کەرەسە بۆ مناڵە کەمتواناکەمان وەرگرین بۆ ئەوەی بتوانین ژیانێکی ئاساییان هەبێت، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو. هەر بۆیە پەیوەندیمان لەگەڵ زۆربەی ئیدارات بڕی. ئەوەیە بیرۆکراتی لە سوید."

زۆرینەی هەڵاواردنەکان ئەو بنەماڵانە یان گەنجە کەمتواناکان هەستی پێ دەکەن، کاتێک دەیانبینی ئەو کەمتوانایانە هیچ کەرەسە و یارمەتییان وەرنەگرتووە کە مناڵی کەمتوانای سویدی وەری دەگرن. "شەنگە" کچە گەنجێکی کەمتوانایە، دەڵێت:

"من هەست بە هەڵاواردن و گاڵتەپێکردن لەلایەن کومەڵگەوە دەکەم. وەکو تۆپی تۆپێن (فووتباڵ)م لێ هاتووە، ئیدارەیەک دەمنێرێت بۆ ئیدارەیەکی تر. ئیدارەی کار دەڵێ کەرەسەی تۆ دەبێ ئیدارەی کاروباری کۆمەڵایەتی بیدا، ئەوانیش دەڵێن نا. من بۆ دەبێ ئەو هەموو ئازار و هەڵاواردن و گاڵتەپێکردنە ببینم تەنیا لەبەر ئەوەی گەنجێکی کوردی پەنابەر و کەمتوانام؟ لەگەڵ ئەو ئیداراتانە شێت بووم. نازانم بۆ بە من ڕادەبوێرن و گاڵتە بە ژیانمەوە دەکەن. من ماندووم، بۆ وا لە منی گەنج دەکەن؟ پێویستیم بە یارمەتی و کەرەسەی تایبەت هەیە. حەز دەکەم دەرس بخوێنم، کار پەیدا بکەم و بژیم. بۆ وەکو تۆپی تۆپێن یاریم پێ دەکەن؟"

## هەڵاواردن بەهۆی ژینگەوە

هەندێک لەو گەنجە کەمتوانایانە تەنیا بەهۆی پەنابەرییەوە هەڵناواردرێن، بەڵکو هەندێک جار کە دێنە ناو کۆمەڵگە هەست بە کەمتوانایی و هەڵاواردن دەکەن. پێم وایە هەڵاواردن بە نیسبەت "ئاسکۆڵ" کە کچێکی گەنجە، تەنیا بەهۆی ژینگەوە نییە، بەڵکو بەهۆی پەنابەری و کەمتوانایی "ئاسکۆڵ"یشەوەیە. ئەو دەڵێت:

"کاتێ لەگەڵ دۆستان، هاورێکانم و دۆستەکانیان بۆ خۆشی و سەیران دەچمە دەرەوە، هیچ کێشەم لەگەڵ ئەو دۆستانەدا نییە، بەڵام خاوەنی ڕەستووران یان "لێخوڕ" (شۆفێر)ی پاس گەورەترین کێشەن بۆ منی پەنابەری کەمتوانا. زۆر جاران کە دەچینە دەرەوە، چەند کاتژمێرێک دەگەڕێن تا شوێنێکی گونجاو دەبینینەوە کە بە چەرخەکەم بتوانم بچمە ژوورەوە. دوای کاتژمێرێک وەستان لە سەرەی چوونە ژوورەوە، پێشم پێ دەگرن و ڕێگە نادەن بچمە ژوورەوە ئەویش بە بیانووی ئەوەی ڕەستووڕانەکە خەڵکێکی زۆری تێدایە، واتە خەڵکی زۆر لێیە و شوێنەکە تەنگە و بە چەرخەوە ناتوانی هاتوچۆ بکەی و کێشە بۆ ئێمە دروست دەبێت، هەر بۆیە شەرم لە خۆم دەکەم و دەڕۆم. خەڵکێکی زۆر لەپشت منەوە وەستاون، حەز ناکەم گوێیان لێ بێت کە چۆن لەگەڵ من هەڵسوکەوت دەکەن. زۆر جاران دەپاڕێمەوە، کە من خەڵکی ستۆکهۆڵم نیم، چەندان کاتژمێر گەڕاوین تا ئێرەمان دۆزیوەتەوە، لێمان گەڕێ با بێینە ژوورەوە، بەڵام بەداخەوە ناهێڵن."

پێشمەرگەیەکی کەمتوانا کە لەسەر چەرخە و لە پێشمەرگایەتیدا کەمتوانا بووە، پێی وایە هەڵاواردن بۆ ئەو وەکو کورد و پەنابەر و کەمتوانا، شتێکی ڕۆژانەیە. "قادر" دەڵێت:

"بێشک من هەڵاواردنم چێشتووە. ڕۆژانە هەڵاواردن بە هەموو لەشم هەست پێ دەکەم. کاتێک بە چەرخەوە ناتوانم بچمە ناو ڕەستووران تا خواردن بخۆم. ئەوەش شێوەیەکە لە هەڵاواردن. کاتێک ناتوانم پارە لە بانک دەرهێنم. وەکو کەمتوانا هەموو کات و بە هەموو شێوەیەک هەڵداوێرێم. ڕووی داوە کە داوای کارم کردووە، بەڵام بەهۆی کەمتوانایی و پەنابەرییەوە کاریان پێ نەداوم. هەڵاواردن بە من کراوە بە هۆی ناوەکەمەوە. هەموو ئەوانەی باسم کردن، هەڵاواردنن. وەکو کەمایەتی و کەمتوانا، هەموو کات دەچەوسێیەوە و هەڵداوێرێی."

ژنێکی پێشمەرگە کە لە پێشمەرگایەتیدا کەمتوانا بووە، باس لە ئەزموونی هەڵاواردن دەکات لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەروونناسەی کە لە سوید دەچووە لای. "شادی" دەگێڕێتەوە:
"کاتێک دەچوومە لای دەروونناسە سویدیەکە، هەستم بە هەڵاواردن دەکرد، چونکە من پەنابەر بووم. مرۆڤ دەچێت بۆ لای دەروونناس بۆ ئەوەی هەست بەئارامی بکات و ئەوەی لە دڵیدایە باسی لێوە بکات. بە خواستی خۆم نەچوومەوە لای دەروونناسەکە. ئەو دەروونناس بوو، بەڵام ئەو منی هەر وەکو پەنابەر و سەرڕەش دەبینی. ئەوە وای دەکرد لە جیاتی ئەوەی حاڵم باش بێت، ڕۆژ بە ڕۆژ حاڵم خراپتر دەبوو. هەر بۆیە ئیتر نەچوومەوە لای ئەو دەروونناسە سویدییە."

## هەڵاواردن و بڕیاری پێشوەختانەی ڕەگەزی

دایکی "ئەسرین" زۆر جاران هەستی بە هەڵاواردن کردووە. هەستی کردووە کە هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵدا کراوە وەکو دایکێکی پەنابەری کورد، ئەوکاتەی تازە هاتبوونە سوید. دایکی "ئەسرین" دەڵێت:
"بۆ کارمەندەکانی نەخۆشخانە من ژنێکی پەنابەری کوردی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نە هیچ دەزانم و نە هیچ حاڵی دەبم. کاتێک زانیم منداڵەکەم وەهای بەسەر هات، داوام لە سەرۆکی دکتۆرەکان کرد، بۆم باس بکات چی ڕووی داوە؟ دکتۆر گوتی: بەداخەوە بێشانسییە، بە ڕێکەوت و بە ڕووداوی لەناکاو. من ئەوەم بۆ قبووڵ نەکرا. کاتێک پرسیارم کرد، ئێستا چارەنووسی منداڵەکەم چی بەسەر دێت؟ دکتۆر گوتی: منداڵەکەت نە دەبێت بە پاکەتی گۆشت و نە دەبێت بە منداڵێک کە هەڵات هەڵاتێن بکات. دکتۆرێک کە بەم شێوەیە باسی منداڵی من دەکات .... دوایی چەند ڕۆژێک منیان گواستەوە بۆ بەشێکی تری نەخۆشخانە. بە تەنیا لە دیوێکی سارد و تەنیا، نازانم چارەنووسی منداڵەکەمان بە کوێ دەگات. لە تەنیایی خۆمدا دەگریام کاتێ پەرەستار پرسیارم لێ دەکات: کە من بۆیە دەگریم، چونکە کچم بوو؟ ئایا ئەمە هەڵاواردن نییە؟ تەنیا لەبەر ئەوەی ژنی کوردە و ڕەنگ و ڕووی لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچێت و بۆیە دەگریێت چونکە کچی بووە.
ئەوە بڕیاری پێشوەختەی ڕەگەزییە کە لەسەر ئەو دایکە دەدرێت تەنیا لەبەر ئەوەی پەنابەر کوردە، ژنە، موسڵمان

و خەڵکـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتە. ئەو بڕیاری پێشـــوەختەی ڕەگەزی فۆرمێکی ترە لە ڕاســـیزم و هەڵاواردن.

## نەبوونی زانیاری و کێشەی زمانی

هەندێـــک لـــەم پیـــاوە کەمتواناياانـــەی کـــە لـــە پێشـــمەرگایەتیدا کەمتوانـــا بـــوون، هەروەهـــا کێشـــەی ئـــەو دایـــک و باوکانـــەی کـــە منداڵـــی کەمتواناییـــان هەیـــە، کێشـــەکە دەگەڕێتـــەوە ســـەر پرســـی نەزانینـــی زمانـــی ســـویدی، هەروەهـــا هەندێکیـــان کـــە هاتوونەتـــە ســـوید، هیـــچ جـــۆرە خوێندوارییەکیـــان نەبـــوو. ســـاڵانێکی زۆری ویســـتووە هەتـــا تـــۆزێ فێـــری زمانـــی ســـویدی بـــوون، بـــەڵام تـــا ئێســـتایش کێشـــەیان هەیـــە لەگـــەڵ زمانـــی ســـویدیدا. لـــە هەندێـــک لـــەم گێڕانەوانـــەدا کێشـــەی چینایەتـــی زۆر زەقـــە. کـــورد، کەمتوانایـــە و چینـــی هـــەژارە و هیـــچ جـــۆرە خوێندەوارییەکـــی نییـــە. زۆربـــەی ڕێگاکانـــی لـــێ گیـــراوە، زمـــان نازانێـــت، ســـەبارەت بـــە یاساوڕیســـای ئـــەو وڵاتـــەی لێـــی دەژیـــت، هیـــچ نازانێـــت و ناتوانێـــت زانیـــاری بـــە زمانـــی ســـویدی بەدەســـت بێنێـــت، تەنانـــەت زمانـــی دایکیـــی خۆیشـــی نازانێـــت بخوێنێتـــەوە، بۆیـــە کێشـــەکە و هەڵاواردنەکـــە دیارتـــر دەبێـــت. هەرچەنـــدە ئـــەوکات زانیـــاری بـــە زمانـــە بیانییـــەکان کـــەم بـــوو، بـــەڵام هەندێـــک لـــەم کەمتواناياانـــە بەهـــۆی نەخوێندەوارییـــەوە نەیانتوانیـــوە کەلـــک لـــە زمانـــی دایکیـــش وەربگـــرن. باوکـــی "دەلال" و دایکی "ســـارا" وەکو پەنابەر وەها باســـی کێشـــەی نەزانینی زمانی ســـویدی دەکەن. کێشـــەی زمانی ســـویدی ببوو بە ڕێگر بۆ بەدەستهێنانی مافی منداڵـــە کەمتواناکەیان.

باوکی "دەلال" دەڵێـــت: "زانینی زمانی ســـویدی گەلێک گرینگە. کـــە زمانەکە نەزانی، نازانـــی و ناتوانـــی مافی منداڵە کەمتواناکـــەت چییـــە؟ هـــەر بۆیەیش ناتوانـــی داوای مافـــی منداڵەکەت بکەی. وایە یـــان نا؟ "دایکی "ســـارا" دەڵێت:" بۆ ئێمـــەی پەنابەر چەندان کێشـــەمان هەیە لە ســـوید. کێشـــەیەکی گرینگ ئەوە بوو کـــە ئێمە زمانی ســـویدیمان نەدەزانـــی، هەروەها هیچمـــان لەبارەی یاســـای ســـویدیش نەدەزانـــی. کە تۆ زمـــان نەزانیـــت، ناشـــتوانی زانیاریت لەسەر یاســـای ســـوید هەبێت و ئاخۆ چ یاســـایەکی هەیە بۆ مافـــی منداڵانی کەمتوانـــا. کێشـــەیەکی تریـــش، ئێمە پە نا بە ر ین. "

## شـــاردنەوەی کەمتوانایـــی لە ترســـی هەڵاوارن و هـــۆکاری تر:

لـــە چاوپێکەوتنەکانـــدا دوو ژنـــی پێشـــمەرگە و دوو کچـــی گەنجـــی کەمتوانـــا بەهـــۆی هەندێـــک هـــۆکاری جیـــاواز، کەمتواناییـــی خۆیـــان شـــاردووەتەوە. کاتێـــک ئـــەو دوو ژنـــە پێشـــمەرگەیە دێنـــە ســـوید، ڕاوێـــژ بـــە چەنـــد کەســـی کـــورد دەکـــەن، کـــە ســـاڵانێکە لـــە سـوید ژیـاون. بـەڵام ئەوانـــی ئـــەو ڕاوێـــژی پـــێ کردبـــوون، بەباشـــیان نەزانیبـــوو کـــە ئـــەو ژنانـــە باســـی کەمتواناییـــی خۆیـــان بکـــەن. "زێنـــەب" زۆر بەناڕەحەتـــی دەگێڕێتـــەوە: "قاچەکانـــم لـــە دۆخێکـــی زۆر خراپـــدان. کاتێـــک هاتمـــە سـوید، نەمگـوت کـــە لـــە شـــەڕدا قاچـــم برینـــدار بـــووە. پێشـــنیارم پـــێ کـــرا باســـی نەکـــەم، کـــە لـــە شـــەڕدا برینـــدار بـــووم و کەمتوانـــام، چونکـــە ئەگـــەر بزانـــن کەمتوانـــام، کارم دەســـت ناکەوێـــت. مـــن کـــە ژن

و پەنابەرم، هەردووکیان بۆ من "نەرێنی" (نێگەتیف) بوو لە سوید. ئەگەر گوتبام کەمتوانای شەڕم، بۆ داهاتووی خۆم و منداڵەکانم خراپ دەبوو. بەداخەوە هیچ ئیدارەیەک لە سوید نەیزانی من لە شەڕدا کەمتوانا بووم."

بەڵام ئەو دوو ژنە ئەزموونی هەڵاواردنیان لە ئێراندا وەکو ژن و کورد لەناو سیستەمێکی داگیرکەری فارسدا هەبوو. بەداخەوە هەمان ژن ئەزموونی چەوساندنەوە و هەڵاواردنیان لەناو خەباتی شاخیشدا هەبوو. "شادی" دەڵێت: "ئێمە تەنیا لە ئێران لەگەڵ ڕژیمی داگیرکەر نەچەوسابووینەوە. وەکو کورد و ژن، لە ناو شۆڕشیشدا لەگەڵ پیاوە فەرماندەکانیش کێشەمان هەبوو. ئەو پیاوە فەرماندانە لە کاتی چوون بۆ عەمەلیات، ئێمەیان بە سەربار دەزانی. لە کاتی کارکردن لە پیاوەکان زیاتر کارم دەکرد. هەندێک بەردم هەڵدەگرتن زۆر زۆر قورس بوون، بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی بەو پیاوانەی ناو شۆڕش و فەرماندەکان پیشان بدەم، هەرچەندە کە ژنم، بەڵام بەهێزم."

بەواتایەکی تر ئەو ژنانە بەهۆی هەڵاواردن و چەساندنەوە وەکو ژن و کورد دەچنە ناو شۆڕش، بەڵام لە شۆڕشیشدا هەمان کێشە، یانی بە هۆی ژنبوونیانەوە دەچەوسێندرانەوە. ئەو ژنانە تەنیا شۆڕشیان بە دژی داگیرکەری ئێرانی نەدەکرد، بەڵکو دەبوو بە دژی پیاوسالاریی فەرماندەکانی نێو حیزبەکەشیان شۆڕش بکەن. ئەو چەوساندنەوە و هەڵاواردنە بەهۆی ژنبوونەوە زۆر بەزەقی لە کتێبی سێبەری قەڵەبەرد لەسەر ئەڵمانە و تاڵەسوار(٢٠٢٣) لە نووسینی مەلەکەی مەستەفا سوڵتانیدا دەر دەکەوێت.

بەپێی قسەی ئەو ژنە پێشمەرگە کەمتوانایانە لە سویدیش تووشی هەمان هەڵاواردن دەبن وەکو ژن، پەنابەر و کەمتوانا. بەڵام دوو کچە گەنجە کەمتواناکان بە هۆکاری تر باسی کەمتوانایی خویان نەکردووە. دیارە ئەو دوو کچەی لە بنەماڵەی فەقیر و مامناوەندیدا گەورە بوون. "تەوار" دەڵێت: "من زۆربەی قوتابخانەی سەرەتاییم تەواو کرد بێ ئەوەی دایک و باوکم بزانن. من گوێم گران بوون، هاوپۆلەکانم توورە دەبوون و پێیان وا بوو، من گوێیان لێ ناگرم، بەڵام ڕاستییەکەی من گوێم لێ نەدەبوون."

"شەنگە" دەڵێت: "ڕەنگە هەندێک کەس بزانێت گوێم گرانە، بەڵام تا ئێستا هیچ کەس نازانێت کەمتوانایی‌یەکی تریشم هەیە، هیچ کەس نازانێ هەتا ئەو کوڕەی مێردیشم پێ کردووە."

دیارە کاتێک من لەم کچە گەنجانەم پرسی، بە چ هۆکارێک ئێوە باسی کەمتوانایی خۆتان ناکەن، ئایا شەرم دەکەن کە ئەو کەمتوانایی‌یەتان هەیە؟ ئەو کچە گەنجانە هۆکاری خۆیان هەبوو کە باسی ئەو کەمتوانایی خۆیان نەکەن و بیشارنەوە. یەکەم هۆکار وەکو گەنج دەیانویست وەکو هەموو منداڵانی تر بن. هۆکاری تر ئەوە بوو، کە ئەو گەنجانە لەناو کوردان و گەنجاندا کەسیان نەدیتبوو کە ئەو کەمتوانایی ئەوانی هەبێت، بەواتایەکی تر ئەو گەنجانە هیچ کچێکی تری کوردیان نەدیبوو کە ئەم کەمتوانایی‌یەیان هەبێت. واتە ئەو گەنجە کەمتوانایانە هیچ گەنجێکی کوردیان نەدیوەتەوە هەتاکو خۆیانی تێدا ببیننەوە.

## ئاکام

ڕوانگەی ئینترسێکشۆنالیتی و پەروەردەی نێوان کەلتووری بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوە گرینگە. هەوڵم داوە ڕوانگەی ئینترسێکشۆنالیتی وەکو کەرەسەیەکی شیکاری بۆ شیکردنەوەی ژیانی ئەو کوردە پەنابەر و کەمتوانایانە بەکار بێنم. ئەوەی کە لەو چاوپێکەوتنانەدا دەبینین کە چۆن پەنابەری، موسڵمانبوون، کوردبوون، ژنبوون، گەنجبوون، کێشەی زمانی سویدی، پرسی چینایەتی وەکو کاتێگۆری هاوکاری و هەماهەنگیی یەکتر دەکەن بۆ بەهێزکردنی چەوسانەوە، نایەکسانی و هەڵاواردنی ئەو کەمتوانا کوردانە لە سوید. ئەوەی کە دەبینین ئەو ژن و پیاوە کەمتوانایانە تەنیا لەبەر ژنبوون و پیاوبوون ناچەوسێنەوە، هەر وەکو کە لە چاوپێکەوتنەکاندا دەبیندرێت، ئەو ژن و پیاوانە هەڵاواردن و چەوسانەوەیەکی چەندلایەنەیان لەسەرە وەکو ژن، پەنابەر، کەمتوانا، گەنج، موسڵمان .... هتد، هەروەها بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو کاتێگۆرییانە چۆن هاوکاری و هەماهەنگی دەکەن بۆ بەهێزکردنی هەڵاواردن، چەوسانەوە و نایەکسانیی ئەو پەنابەرە کورد و کەمتوانایانە. لە ڕوانگەی پەروەردەی نێوان کەلتووری وەکو ڕوانگە و تیۆری، هەوڵ دەدا ئەزموونی هەموو کاتێگۆرییەک بە گرینگ بزانی و دەبێ کەلک لە هەموو ئەو ئەزموونانە وەرگیرێ و ڕێزیان لێ بگیرێت. ئەو ئەزموونانە بەکار بهێندرێت وەکو ئەزموونی پەنابەری، ژنبوون، لاوبوون، پەلکەزێرینەبوون، جیاوازیی زمانەکان، کەلتوورکان و ئایینەکان دەبێت وەکو سامان ببیندرێن بۆ ئەو جڤاکەی لێی دەژین. هەروەها دەبێت ڕەخنە لەو نۆرمانە بگیرێت کە دەبنە هۆکاری هەڵاواردن، چەوسانەوە، ڕاسیزم و سێکسیزم.

پێم وایە پەروەردەی نێوان کەلتووری دەتوانێت بژاردەی زۆر باش و بەجێ بێت دژی ڕاسیزم، سێکسیزم، هەڵاواردن و چەوسانەوەی هەر کەمایەتییەک لە کۆمەڵدا. جا ئەو کەمایەتییە چ کەمتوانا بێت، پەنابەر، ژن یان هەر کەمایەتییەکی تری ناو جڤاک. لە ڕێگەی پەروەردەی نێوان کەلتوورییەوە دەتوانین هەوڵ بدەین جڤاکێکی یەکسان بەدەر لە هەڵاواردن و چەوسانەوە کە مافی تاکەکان دەپارێزێت، دروست بکەین. پەروەردەی نێوان کەلتووری دژی هەموو شێوە هەڵاواردن و چەوسانەوەیەکە. هەروەها پەروەردەی نێوان کەلتووری دژی هەموو ڕوانگەیەکی کۆلۆنیالیستی و سپیپیسەروەری دەوەستێتەوە و لە ئەزموونی هەموو تاک و کەمایەتیی ناو جڤاک بۆ دروستکردنی کۆمەڵێکی یەکسان و دوور لە هەڵاواردن و چەوسانەوە کەڵک وەردەگرێت. هەر بۆیەش بەها بنەماییەکانی ناو جڤاک، گرینگیی زۆری لە پەروەردەی نێوان کەلتووریدا هەیە.

لایەکی گرینگی تری کێشەی ئەو کەمتوانایە کوردانە ئەوەیە، کە ئەو کەمتوانا کوردانە، پەنابەرن و لە سویدیدا دەژین، ئەوانە نەتەنیا کەمایەتین لەنێو سویدییەکاندا، بەڵکو کەمایەتیشن لەناو کەمایەتیی خۆیاندا. واتە کورد لە سوید وەکو پەنابەر کەمایەتییەکی بچووکە و، ئەو

کـــوردە کەمتوانایانـــە کەمایەتییەکـــی بچووکترن لەنـــاو دیاســـپۆڕای کورد لە سو ید دا.

## سەرچاوەکان:

Bourdieu, P (1999) (Red) . The Weight of the world. Cambridge: Polity Press.

De los Reyes, P & Mulinari, D.( 2005) .Intersektionalitet: Kritiska reflektioner över (o)jämlikhetens landskap, Malmö,

Jahanmahan, F, Persson, C & Sheikmous, O. (2021). Den som inte talar finns inte. Kurdiska krigsskadade flyktingars livsberättelse. Lund. Ekström & Garay

Jahanmahan, F. (2012). Interkulturell pedagogik, inkluderande pedagogik- forum för motstånd? Den interkulturella blicken i pedagogik: inte bara goda föresatser / [ed] Katrin Goldstein-Kyaga, María Borgström & Tobias Hübinette, Huddinge: Södertörns högskola , 2012, 1, s. 117-134

Jahanmahan, F. (2007). Dörren ska vara öppen för alla. Funktionshindrade kurdiska ungdomar och föräldrar om attityder, rättigheter och möjligheter i det svenska samhället. Mångkulturellt Centrum. Botkyrka.

Goodson, I.F., & Sikes, P. (2001). Life history Research in Educational Settings Learning from Lives. Philadelphia: Open University Press

Mostafa-Soltani, M. (2023) In the shadow of Qalabard peak. Gothenburg. 49 plusbooks. /
ســـێبەری قەلەبـــەرد. لەســـەر ئەڵمانـــە و تاڵەســـوار. بیرەوەرییەکانـــی مەلەکـــە مەســـتەفا ســـوڵتانی

24 Feb kl: 9.00